رۆشنبیری گشتی

کورتەیەك لە مێژووی خوێندن و خوێندەواری ئافرەتی کورد ....

● مغدید حاجی ●

سەرەتا سەرگوزشتەیەك :

«ئـافـرەت لە زۆر ماف بێ بەری کرابـوو . تاکو دوێنێ مافی خوێنـدنی نەبـوو. تۆ بڵێیت مێنـە لە نێرینـە کەمـتر تینـووی خوێندەواری بوو بێت؟!

کچـێکـی پۆلـۆنی لە سەدەی چواردەداو دەستـە خوشکێکی ئیسپـانی ی لە سەدەی حەڤـدەدا وتیان هەر کەسێك شەکری وای شکـاند سەری دای لە بەرد، هەردووکیان هێند تینووی خوێندن بوون بە بەرگی خۆیان کردە کور، ئەو رۆژەی بەو جۆرە گەیشتنە بەر دەروازەی زانکـۆ پێیان وابوو جیهانیان پێ بەخشراوە . یەکەمیان بەخت بۆی نەهێنا، پاش دوو ساڵ خوێندنی ریکوپێك رۆژێکیان بەرزی سینەی سەرنجی سمێڵ گەورەکانی ڕاکێشا کە بە (هۆی ها) زانکۆ بەدەریان کرد!!.

پاش دەوروبـەری بیو هەزار ساڵ نەوەی ئەو کیژە ناچاربوون دیسان لە پۆلۆنیا زانکۆیەکی نهێنی گەرۆك دابمەزرێنن کە دوا رۆژ یەکێکیان پڕ بە دەم هاواری کرد: شەرمە ئافرەت لە مافی خوێندن بێبەری بکرێت.

ئەو یەکـە زانـای گەورە (مـاری کۆری) بوو کە پیاوان بە شانـازییەوە ساڵی ١٩١١ لەسـەر سینـی زێر خەڵاتی نۆبلیان پێشکەش کرد. [1]

ئاورێك لە رابوردوو:

ئاشکرایە کە عیراق لە سەردەمی عوسمانی یەکان دا لە هەرسێ ویلایەتی بەغداو بەسرەو موسڵ پێك هاتبوو، لە هەموو روێکی ئابووری و کۆمـەڵایەتی و رۆشنبـیری دواکـەوتـو بوو و لە بارێکی نارێك و ئاڵـۆزو نالەبار دەژیا. تاکو ناوەراستی سەدەی نۆزدە کە مەدحـەت پاشا (١٨٦٩ ـ ١٨٧٢) کرا بە والی بەغدا هیچ جۆرە هەوڵێکی دڵسـۆزانە بۆ چارەسەرکردنی باری دواکەوتووی ئەم وڵاتە بەدی نەکراوە.

بەر لە سەردەمی مەدحەت پاشا جگە لەو چەند خوێندنگایەی نێردراوو موژدە دەرە دیانـەکـان لە بەغـداو موسـڵ کردبوویانەوە لەگەڵ حوجـرەی فەقێیان و خوێنـدنگـای مزگـەوتـەکان، هیچ قوتابخانەیەکی نوێ بابەت لە عیراق نەکراوەتەوە. [2]

ئەگـەر ئاورێکیش لە مێژووی کوردستـانی عیراق (ویلایەتی موسـڵ) لە سەردەمی عوسـمانی یەکـان بدەینـەوە باری نالـەبارو دواکەوتووو پشت گوێ خراوی هەرێمەکەمان بۆ دەردەکەوێت. بە تایبەتی باری لادێ و شارۆچکە دوورەکانی هەرێمەکە کە زۆربەی دانیشتوانیان گرتبوە خۆ.

بەڵام دەبێ دان بەو راستـی یە بنێین کە هەنـدێ ناوچـەی کوردستـان لە سەردەمی دەسـەڵات دارێتی سەربـەخـۆو نیمچە سەربـەخـۆی میرنشینێتی یە خۆماڵی یەکـان دا، وەکـوو هەردوو میرنشینێتی سۆران و بابـان، لە رووی ئابووری و کۆمـەڵایەتی و رۆشن بیری دا تا رادەیەك بووژانەوەیان بە خۆیانەوە بینیوە.

هەنـدێ لاپـەرەی مێژوو و فۆلکلۆری نەتـەوایەتیمان بۆمـان دەگـێرنـەوە کە چۆن خاتـوو خانـزادی میری سۆران بایەخی بە گەشـانـەوەی ناوچـەکـەی بە تایبـەتی شاری هەریر داوەو زانـاو مامۆستـای لە هەنـدەرانـەوە هێناون بۆ ئەوەی لە خوێندنگاکانی هەریرو شارو گونـدە گەورەکانی تری ناوچەکە دایان بمەزرێنێ و دەرسیان پێ بڵێتەوە.

لە سەردەمـەزێرینـی یە کورتـەکـەی میری سۆران پاشـای گەورەش دا میر محەمەد بایەخی بە پەرەپێدانی میرنشینێتی یەکەی لە هەموو روێکەوە داوەو خوێندنگای ئاینی دامەزراندووەو ئاوری لە زاناو مامۆستـاکان داوەتەوەو هەوڵی داوە دانیشتوان بە ئاسوودەیی بژین و لە ژێر دەسـەڵاتی بێگانەو دواکەوتن دا رزگاریان ببێت.

خۆ سلێمانی و دەوروبەری لە سەردەمی بابان دا بووژانەوەیەکی زۆری بە خۆوە بینیوەو شاری سلێمانی کە پایتـەخت بووە بۆتـە مەڵبـەنـدێکی بازرگـانی و رۆشنبـیری و مەڵبـەنـدی زانـاو شاعیرو شەیدایانی خوێندەواری.

بەڵام کە خۆری ئەم میرنـشینێتی یانـە ئاوا بووەو ناوچـەکـان کەوتوونەتەوە ژێر دەسەڵاتی رژێمی عوسمانی دواکەوتوو، شان بە شانی ناوچـەکـانی تری عیراق پشت گوێ خراون و جگـە لە رووتاندنەوەی دانیشتوان چ خزمەتگوزاری یەکی ئەوتۆیان پێشکەش نەکراوە.

سەرەتاکانی خوێندنی کچان لە عیراق دا:

بزووتنـەوەی بورژوای تورکیا لە سەرەتـاکـانی ئەم سەدەیە بە تایبەتی لە دوای بەرپابوونی کودێتای عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨ دا کە لە لایەن کۆمەڵەی (یەك گرتن و پێشکەوتن)ەوە بەرپا کراو سوڵتان

عەبـدول حەمیدی دووەم (١٨٧٦ ـ ١٩٠٩) ناچار کرا دان بە دروشمی کۆمەڵەکە (ئازادیو دادپەروەریو یەکسانی) بنێت و دەستووری نوێی عوسمانی بسەلمێنێت.

ئەندامانی کۆمەڵەکە کەوتنە چالاکی نواندن و کەلکیان لە رۆژنامەو قوتابخانەکان و هۆی تری بلاوکردنەوە ئەبینی بۆ پروپاگەندە کردن بۆ دروشمەکانیان.

کۆمەڵەی ناوبراو لقی لە هەموو ویلایەتەکان کردەوەو لە هەمان کات دا دەست کرا بە کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی کە بە لقەکانی کۆمەڵ دەبەسترانەوەو مامۆستاشیان لە ریزی ئەندامەکانی بۆ دائەنراو هەولیش دەدرا ئەم قوتابخانانە بکرێنە خوێندنگای نموونەیی و شاگردەکانیش بە ئامانجەکانی کۆمەڵ گۆش دەکران.

هەر لەو سەردەمەدا بایەخ بە خوێندنی کچان دراوەو چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی کچان لە ساڵی ١٩١٤دا بە بریاری کۆمەڵ لە شاری بەغدا کراونەتەوە. لە پاشان لە شارەکانی تری عیراق و لە شارە گەورەکانی کوردستان دەست کراوە بە کردنەوەی قوتابخانەی کچان.

جگە لە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵی ئیتحادو تەرەقیو بەر لە ساڵی ١٩١٤ هەوڵی تریش دراوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەی کچان لە بەغداو شارەکانی تری عیراق. بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەدا جموجۆڵی باوکە دومنیکەکان لە شاری مووسل پەرەی سەندووەو لە ساڵی ١٨٧٣ دا قوتابخانەیەکی «راهبات» یان بە ناوی «اخوات المحبة» لەم شارە کردۆتەوە کە دەوری لە فێرکردنی کچە مووسڵاوییەکان بینیوەو لەسەر ئیش وکاری دەست وەکو دروومان و نەخش و نیگار رایهێناون.

هەروا نامق پاشای والی بەغدا (١٨٩٩ ـ ١٩٠٢) لە ساڵی ١٨٩٩ دا یەکەم قوتابخانەی روشدیەی کچانی لە شاری بەغدا کردۆتەوە. لە پاشان دا بە بریاری ئەم والییە لە هەردوو شاری مووسل و بەسرە قوتابخانەی کچان کراونەتەوە.(٣)

بەر لە دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهان لە کۆی (سەرجەمی) (١٦٠) قوتابخانەی سەرەتایی لە شارە گەورەکانی عیراق تەنها (١٣) یان قوتابخانەی کچان بوون. لەو سیانزەیەش حەوتیان لە ویلایەتی بەغدا بوون. چواری لە مووسل و دوانەکەی تریش لە بەسرە بوون.(٤)

ئافرەتی کوردو خوێندەواری:

بەر لە ساڵی ١٩١٧ دا خوێندەواری لە ریزی ئافرەتان لە کوردستان بە دەگمەن یان گەلێك کەم بووە. بەر لە کردنەوەی قوتابخانەی میری لە هەندێ شارو شارۆچکەی کوردەواریدا بۆ نموونە وەکو شاری کۆیە ئافرەتانیش سوختەخانەیان هەبووەو پێشیان وتوون (مامۆستا)، زۆر ئافرەتی وەکو: (فەقێ فاتم و فەقێ زەینەب و فەقێ عەیشێ و فەقێ پیرۆز). . هتد لەم سوختەخانانە وانەکانی زانستی ئاین و قورئانیان خوێندوەو فێری خوێندەواری بووین.(٥)

سەرەرای ئەوەی کە شۆرشی ساڵی ١٩٠٨ی (یەکێتیو پێشکەوتن) نەیتوانی تا سەر گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چارەسەر بکات و پیاوە نەخۆشەکە لە مردن رزگار بکات، بەلام چەند ئاڵ وگۆرێکی نیمچە پێشکەوتنخوازانەی لە بوارەکانی کۆمەلایەتیو رامیاریو رۆشنبیری بە ئەنجام گەیاندو ئیمپراتۆریەتەکەی هێنایە هەژان. ئەمەش کاری کردە سەر بیرکردنەوەو راپەرینی رووناك بیرو رۆشنبیرەکانی ناو نەتەوەکانی تری ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتە نەخۆشەکە.

رووناکبیرە کوردەکان هەر زوو دەرکیان بە مەترسیەکانی جەهالەت و نەخوێندەواری کردووەو هەوڵی بلاوکردنەوەی خوێندەوارییان داوە. بۆیە دەبینین کە زۆربەی هەرە زۆری ژمارە یەکی یەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان) بۆ باس و نرخ و بایەخی خوێندن و خوێندەواری تەرخان کراوەو هەموو دێرێکی پارانەوەی دڵسۆزانەیە بۆ ئەوەی گەلی کوردیش (بە نیرو مێیانەوە) وەك گەلانی تر دەست بداتە خوێندن. بۆ بزواندنی هەستی خەڵکی لەم بارەیەوە گەلێك فەرمایشتی پێغەمبەری دەربارەی پێویستی فێربوون و خوێندن هێناوەتەوە، جگە لە چەند نموونەیەکی بەجێ سەبارەت بە گرنگیو ئەنجامەکانی زانست و شارستانیەت.(٦)

دەوری کۆمەڵ و رێکخراوە کوردییەکان:

هەر لەو دەوروبەرەداو بە تایبەتی لە دوای بەرپابوونی شۆرشی بۆرژوای تورك لە ساڵی ١٩٠٨ دا چەند کۆمەڵەو رێکخراوێکی کوردی دامەزراون و دەستیان بە هۆشیارکردنەوەی لاوانی کورد کردووە، وەکو

١ ـ (کومەڵەی هێڤی) بۆ خوێندکارانی کورد کە رۆژنامەی (رۆژا کورد)ی بلاوکردۆتەوە،

٢ ـ (کۆمەڵی تەعالی وتەرەقی کورد) کە بە یەکەم رێکخراوێکی رامیاری کورد دانراوەو ژمارەیەك لە ناودارانی وەکوو (ئەمینی عالی

بەدرخان)و (شەریف پاشا)و (شیخ عەبدول قادری شەمزینی) لە دەوری کۆبوونەتەوە،

٣ - (کۆمەڵەی رزگارکردنی کوردستان) کە بە دڵسۆزیو چالاکی سەردەمێ لە کاردا بووە.

٤ - (کورد تعمیم معارف جمعیتی) لە پێش جەنگ دامەزراوەو یەکەم قوتابخانەی بۆ منداڵە کوردەکان لەئەستەمبوڵ کردۆتەوە.

لەو کاتەدا تەنانەت ئافرەتانی کوردیش کەوتوونەتە خۆو هاتوونەتە مەیدان و دەستەیەکی پێکەوەیان بە ناوی (کۆمەڵی بەرزی ئافرەتانی کورد - کورد قادینلری جمعیتی) دامەزراندووەو ئەم کۆمەڵەش بە یەکەم رێکخراوی ئافرەتانی کورد دادەندرێت.

لە ساڵی ١٩١٢دا کۆمەڵی (جیهانداری) لە کوردستانی ئێران دامەزراوەو یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی بڵاوکردنەوەی خوێندەواریو رۆشنبیری بووە لە ناو منداڵ و لاوانی کورد بە کچ و کوریانەوە. (٧)

ئەم رێکخراوانە دەورێکی باڵایان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ژیانی رووناکبیریو رۆشنبیری گەلی کورد دا بینیوەو ئەندامە باڵاکانی ئەم کۆمەڵانە بە پەرۆشی بڵاوکردنەوەی خوێندەواریو رۆشنبیری کوردی بوون لە نلو رۆڵەکانی گەلەکەیان داو بۆ ئەم مەبەستەش جیاوازیان نەخستۆتە نێوان کورو کچانەوە، بایەخیان بە زمان و ئەدەبی کوردی داوەو هەوڵیان داوە گۆڤارو رۆژنامە بە کوردی دەربچوێنن. سەرەرای ئامانجە رەواکانی تری رامیاریو کۆمەلایەتی ئەم رێکخراوانە.

یەکەم قوتابخانەی کچان لە کوردستان دا:

لە ئەنجامی بارودۆخی باسکراوو گۆرانکاری تر لە ناوچەکەدا، لە کوردستانیش مەسەلەی بەرەو یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو بۆتە خاڵێکی گرنگ و کەوتبووە سەر زاری رووناك بیران.

جا بە هەوڵ و کۆششی پێشکەوتن خوازان و لە پێناوی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لە ناو ئافرەتان دا یەکەم قوتابخانەی میری بۆ فێرکردنی کچانی کورد لە (١٧)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٥ لە شاری سلێمانیدا کراوەتەوە.

یەکەم بەرێوەبەرو مامۆستای ئەم قوتابخانە پێشەنگە مامۆستا مەلیحە نەزهەت خان بووە کە دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی زانست و نیشتمان پەروەر. (٨)

لەوانەیە دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە لە شاری سلێمانی لە ئەنجامی چالاکیو هاندانێ کوردە رووناکبیرەکانی سەر بە کۆمەڵەی یەکێتیو پێشکەوتن بووبێ. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە لەو کاتەی عیراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە داگیر کرا ئەم قوتابخانەیەو قوتابخانەکانی تری کچان کە لە ساڵی ١٩١٤دا لە شاری بەغدا لە لایەن کۆمەڵەی ناوبراوەوە کرابوونەوە، داخراون. (٩)

دوا بە دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانیو داگیرکردنی عیراق لە لایەن هێزەکانی ئینگلیزو لە پاشان دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە بەغداو حوکمدارێتی شێخی نەمرو (کۆمەڵەی کوردستان) لە سلێمانی، بزووتنەوەی نیشتمانیو رووناکبیری پەرەی سەندووەو کەسانی وا چوونەتە ریزیەوە کە هەڵگری بیروباوەری پێشکەوتن خوازانە بوون و مەسەلەی ئازادکردنی ئافرەتان و بە یەك چاو سەیرکردنیان لەگەڵ پیاوان دا لە هەموو بوارەکانی ژیان لەلا کراوەتە دروشمێکی نیشتمانیو بەرەو بە ئەنجام گەیاندنی هەنگاو نراوە.

لە پاش داخستنی یەکەم قوتابخانەی کچان لە سلێمانی بە چەند ساڵێك بە تایبەتی لە ناوەراستی بیستەکان بە سەرەوە بەرە بەرە بەڵام نەك بە فرەوانی سلێمانیو شارەکانی تری کوردستان خوێندنگای کچان و ئافرەتانیان بە خۆیانەوە بینیوە.

کۆمەڵی زانستیو خوێندنی ئافرەتی کورد:

کۆمەڵی زانستی لە بەهاری ١٩٢٦ دا دامەزراوەو «هەر لەو ساڵەشەوە شان بە شانی جوولانەوەی رۆشنبیری کورد بە تەرازوویەکی پێشکەوتوو رووداوەکانی کۆمەڵ، کێشەو گیروگرفتەکانی گەلیان دەکێشاو بە سەنگ و بەردی هاوچەرخ بە شوێن دەرمانی دەردی دواکەوتن و نەخوێندەواریدا دەگەران و لە پێناوی هەڵ و مەرجی سەرکەوتن و پێشکەوتن دا وێڵ بوون. هەمیشە لە چاویلکەی یەکسانی نێوان پیاوو ئافرەت و ئازادکردنی لە کۆت و زنجیری کۆیلایەتیەوەو هاوبەشی کردنی لە هەموو مەیدانێکا لەگەڵ پیاودا ئەیان روانیە ئەم کێشەیە. بۆیە دلێرانە بەرۆکی کۆمەڵگای رزیوێ داروخاویان ئەگرت و لە پێناوی مافی رەوای ئافرەتان دا دووچاری زۆر گێچەڵ بوون و کەوتنە بەر ئاگری رق و قین تیرو توانجی کۆنەپەرستەکان. (١٠)

لە ساڵی ١٩٣٠ داو لە ئەنجامی چالاکی کۆمەڵی زانستیو هەندێ لە ئافرەتە خزمەتگوزارو رووناك بیرەکانی وەکو حەپسە خانی نەقیب، جوولانەوەیەك لە ریزی ئافرەتان لە سلێمانی پەیدا بووە کە ئامانجی پێ گەیاندن و پێ خوێندنی ئافرەتی کورد بووە بە هەموو دەستەو چین و تەمەنێکیەوە،

ڕۆشنبیری گشتی

هەر لەم پێناوەدا لە ڕۆژی ٢٨ی تەمووزی ١٩٣٠ دا کۆمەڵە ئافرەتێك کۆبوونەتەوەو بڕیاریان داوە کە پێویستە لە ماڵی حەپسەخانی نەقیب کۆببنەوە بۆ باس کردن و دامەزراندنی کۆمەڵێکی زانستی بۆ خۆیان.

بەم چەشنە بانگیان دا بە شار (هەروەکو لە ڕۆژنامەی ژیان دا هاتووە) بۆیە ژنانی شار پۆل پۆل بەرەو ماڵی حەپسە خان کشان، پاش کۆبوونەوەو شەربەت و چای خواردنەوە، حەپسە خان بە گەرمی بەخێر هاتنی کردن و لە دوایی‌دا لە جیاتی حەپسە خانی نەقیب حەپسە عرفان کە قوتابی‌یەکی پۆلی شەشەمی قوتابخانەی کچان بووە کەوتە وتارخوێندنەوەو مەبەستی گرتنی ئەم کۆبوونەوەی ڕوون کردەوە.

لە سەرەتای ئەم وتارە مێژوویی‌و بە نرخەدا هاتووە: «. . لە پاش سلاو: بە شەرەفێکی زۆر گەورەی دەزانم کە ئەمڕۆ بە بۆنەی ئاهەنگی کردنەوەی قوتابخانەی زانستی ژنانەوە. لەم کۆبوونەوە پیرۆزەدا یەك دوو قسەتان بۆ بکەم. هەموو دەزانین کێشی هەر میللەتێك بە ئاستی عیلم و عیرفانی‌یەوە تەقدیر دەکرێت. ئەویش بە سایەی قوتابخانەوە دروست دەبێ. میللەتێك بە تەنیا هەر پیاوی خوێندەوار بێ تەرازووەکەی لاسەنگ دەبێ‌و ئەم میللەتە وەکو پیاوێکی پەك کەوتەو نا تەواوو نەزان دەمێنێتەوە. . کەوابوو پێویستە ژنیش خوێندەوارو زانا بێت. . . [11]

هەندێ سەرەتای تر:

لە سەرەتای سی‌یەکان قوتابخانەی کچان لە هەولێر کراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٣٣ یشدا قوتابخانەی کچان لە شاری کۆیە کراوەتەوە. (بڕوانە مێژووی کۆیە ـ بەرگی دووەم).

گۆڤاری زاری کرمانجی لە ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٢٨دا دەقی ڕاپۆرتێکی بلاوکردۆتەوە کە بۆ وەزارەتی معارف نارد‌راوەو تیایدا داواکراوە کە قوتابخانەیەکی کچان لە شاری ڕەواندز بکرێتەوە. جا لەوانەیە لە سەرەتای سی‌یەکان قوتابخانەی کچان لە ڕەواندز کرێتەوە.

[illegible]دا بۆمان دەردەکەوێت کە شاری سلێمانی لە ڕووی بەخۆوە دیتنی یەکەم قوتابخانەی کچان پێشەنگە لەم کوردستانە.

[illegible] کوردستانی ئەو دیوەوە نموونەیەکی گەشی چلەکان [illegible] کە [illegible] زاری یەکێکی نەمری ئەو دیوەوە وەرگیراوە:

[illegible] محەمەدی پێشەوا لەگەڵ هەڵکردنی ئالای کۆماری [illegible] خوێندن داو یەکەم کەس کچەکەی خۆی

برد بۆ قوتابخانەو قوتابخانەکەش تێکەڵ بوو لە کچ و لە کوڕ، ئەوسا خەلکەکە لاسایی پێشەوایان کردەوە».

خوێندنی کچان لە چاو خوێندنی کوڕان دا:

بەڵام پەرەسەندنی خوێندنی کچان لەچاو خوێندنی کوڕان دا زۆر بە سستی‌و لەسەرخۆ بە ڕێوە چووە، بۆ نموونە: «لە ساڵی ١٩٥٢دا لە هەموو پارێزگای هەولێر تەنیا (٧٥٩)و لە سلێمانی (١١٣٢) کچ دەچوونە قوتابخانەی سەرەتایی، ئەوانەی هەولێر هەموو بەسەر یەکەوە (٣٩)و ئەوانی سلێمانیش (٤٩) مامۆستای ئافرەت دەرسیان پێ‌دەگوتن.

هەر لەو ساڵەدا لە پارێزگای هەولێر (١٣١٢٢٨) ئافرەت نیشتەجێ بوون ژمارەی ئەوانەی کە لە پێنج ساڵان پترو نەخوێندەوار بوون گەیشتبووە (١٠٧٩٤٠) کەس. لە هەمان ساڵ ژمارەی ئافرەتانی پارێزگای سلێمانی بێ کۆچەرەکانی خۆی لە (١٢٤٦٣٣) کەس دەدا، ژمارەی ئەوانەی کە لە پێنج ساڵان پترو نەخوێندەوار بوون گەیشتبووە (١٨٨٦) کەس. [12]

لە ساڵانی ١٩٥٣/ ١٩٥٤دا لە سەدی هەشتای دانیشتووانی کوردستانی ئێران نەخوێندەوار بوون. باری خوێندنی ژنان زۆر لەوەش خراپتر بوو. لە شار (٩٠٪)ی ژنان و لە لادێ هەموویان نەخوێندەوار بوون.

لە ساڵی ١٩٦٧دا (٧٥٪)ی ژنانی مەهاباد نەخوێندەوار بوون. لە هەر پێنج کچ کە تەمەنیان لە نێوان (٧ ـ ١٥) ساڵان بوو دوانیان نەدەچوونە قوتابخانە. لە لادێکانی ناوچەی مەهاباد (٩٤٪)ی خەڵك نەخوێندەوار بووە. لە ناو ژنان دا نیسبەتی نەخوێندەواری گەیشتۆتە (٩٩٪)!!.

هەر لە پەنجاکان دا لە کوردستانی تورکیا (٧٥٪) تا (٨٠٪)ی دانیشتووان نەخوێندەوار بوون. لە کاتێك دا کە لە هەموو تورکیا ئەو نیسبەتە سەدی پەنجا بووە.

لە ناو ژنان دا ڕادەی نەخوێندەواری دەگاتە سەدی نەوەت هەتا سەدی نەوەت و شەش کەچی لە هەموو تورکیا لە سەدی حەفتا کەمترە. [13]

لە ئەنجامی ئەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوە باری نەخوێندەواری‌و ڕۆشنبیری کوردستانمان تا دوا چارەکی سەدەی بیستەم بۆ دەردەکەوێت کە لە چ دواکەوتنێ بووە.

بێ‌گومان داگیرکەری بیانی‌و هێزە کۆنەپەرستە دەسەلات دارەکان هەمیشە بەرژەوەندیان بەوە باشتر بۆ دەچێتە سەر کە کۆمەلانی

خەڵك بە نەخوێندەواریو نەزانی بمێنەوە. بۆیە درێغییان نەكردووە لە پشت گوێ خستنی بڵاوكردنەوەی خوێندەواریو تیشكەكانی ڕۆشنبیری بە تایبەتی لە ناو ئافرەتان دا.

ئاشكرایە كە باری خوێندەواریو ڕۆشنبیری ئافرەت لە كوردستانی عیراق داو بە تایبەتی لە پەنجاكانی ئەم سەدەیە بە سەرەوە لە كوردستانی توركیاو ئێران چاكتر بووەو سەر ژمێرییەكانیش ئەمەیان بۆ سەلماندووین.

جێگای مشت ومڕ نییە كە ئەگەر نەخوێندەواریو نەزانینی بە ڕێژەیەكی بەرز لە ناو كۆمەڵ دا بڵاوبوەوە زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەو چەسپانی داب و نەریتی كۆن و بۆچوونی نازانستانەو بیروباوەڕی كۆنەپەرستانە خۆش دەبێت و هۆشیاری ڕۆشنبیریو هونەری لە ناو جەماوەردا نزم دەبێت و هونەرە جوانە هاوچەرخەكان لە لایەن زۆربەی خەڵكەوە نرخی شایستەی خۆیان پێ نادرێت.

هۆی ئەم بارە نالەبارەش بە ڕادەی سەرەكی ناگەڕێتەوە بۆ خەلكەكە، بەڵكو بۆ بارو دۆخە ماددییە چەسپیوەكە، بۆ پەیوەندییەكانی ئابووریو كۆمەڵایەتی، بۆ ڕژێمی باو، بۆ ژێرخان دەگەڕێتەوە، كە بوونەتە هۆی خولقاندنی ئەم جۆرە سەرخانە كە ڕەوشت و داب و نەریت و پلەی ڕۆشنبیری دەگرێتەوە.

جا ئەگەر بێت و لەم ڕوانگەیەوە، كە بریتییە لە بۆچوونێكی مەوزووعیو زانستانە سەیری مەسەلەكە بكەین، نابێ گلەیی لە ئافرەتی كورد بكرێت كە لە ڕووی خوێندەواریو ڕۆشنبیری دواكەوتوو بووە.

پەرەسەندنی خوێندن و پلەی ڕۆشنبیری ئافرەتی كورد:

لە پەنجاكان بە سەرەوە بە تایبەتی دوای پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادی خوازیو نەتەوە پەروەری لە ناو جەماوەردا، هەروا دوای پەرەسەندنی باری ئابووری وڵات و پەخش بوونی تیشكەكانی شارستانیەت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بیروباوەری دیموكراتییانەو یەكسانیو ئازادی ئافرەتان پتر بڵاو دەبووەوەو كرایە دروشم و ئامانجی بەشێك لە هێزە دیموكراتی خوازو شۆڕشگێڕەكان و ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكانیان.

لە ئاكام دا تێڕوانینی خەڵك بەرامبەر بە ئافرەتان بەرە بەرە بەرەو چاكە گۆڕانی بەسەردا هات و لە لایەن زۆر كەسەوە بە یەكچاو سەیری كورو كچ كراوەو پێكرا بێ جیاوازی ناردوویانەتە بەر خوێندن و ڕێگای ئافرەتیان داوە خوێندنی ئامادەییو باڵا تەواو بكات و لە پاشان دا لە فەرمانگەو كارگەكاندا دابمەزرێت و ئەم جۆرە ئافرەتانەش كەسایەتی خۆیان لە مەیدانا چەسپاندووەو شان بە شانی براكانیان كەوتوونەتە كارو بەرهەم بەخشین.

بەرە بەرە ژمارەی قوتابخانەی كچان لە شارو نە شارۆچكەكان دا پەرەی سەندو لە سەرتاپای گوندەكان دا خوێندنی تێكەڵاو پەیرەو كراو لە ساڵانی حەفتا بەرەو ژوور یاسای بە زۆر پێ خوێندن بۆ هەموو منداڵێك تەمەنی گەیشتبێتە شەش ساڵان جێ بەجێ كراو دەست كرا بە خوێندنی تێكەڵاو لە قوتابخانەكان داو هەندێ خوێندنگای باڵا لە كوردستان دا كرانەوە كە كورو كچ وێكرا تیایاندا وەرگیراون، وەكو زانكۆی سەلاحەددین و پەیمانگای هونەرەجوانەكان و پەیمانگای باڵای تەندروستیو پەیمانگای مامۆستایان.. هتد

ئەم دیاردە شارستانیتییەش كە لە حەفتاكان بە گەشانەوەدا بوو، بووە هۆی هەڵگیرساندنی نیمچە شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی بە ڕووی بیروباوەڕی كۆنەپەرستانەو لە پێناوی یەكسان بوون و بە یەكچاو سەیركردنی كچ و كور لە بوارەكانی خوێندن و تێكەڵاوبوون و پەرەسەندنی پەیوەندییەكانی كۆمەڵایەتی نێوان ئافرەت و پیاو بە تایبەتی لە كۆمەڵگەی شارەكان دا.

پەراوێزو سەرچاوە:

(١) دوكتور كەمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژوودا، بەغدا ١٩٨١

(٢) الدكتور ابراهیم خلیل، تطور التعلیم الوطني في العراق (١٨٦٩ - ١٩٣٢)، ١٩٨٢، ل: ٢٥ - ٢٦.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) طاهر احمد حویزی، مێژووی كۆیە، بەشی دووەم، بەغدا ١٩٨٤، ل١٧٦.

(٦) د. كەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، ل١٤١.

(٧) بۆ پتر زانیاری پەیدا كردن لەم بارەیەوە تكایە سەیری كتێبە بە نرخەكەی دكتور كەمال مەزهەر (كوردستان لە ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهان) بكە.

(٨) مەلیحە نەزهەت لە ساڵی ١٨٩٣ دا لە پارێزگای سلێمانی لە دایك بووەو ناوی تەواوی (ملیحە نزهت كچی عبدالقادر افندی كوری شیخ عبدالسلام افندیو لە بنەماڵەی شێخ سلام افندی قازییە.

(٩) كمال رؤوف محمد، حلقە تاریخیة مفقودة للتعلیم الحدیث، اول مدرسة للانات في السلیمانیة، ڕۆژنامەی (العراق)، ژمارە (٣٠٦٧) ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢٧.

(١٠) غەفوور میرزا كەریم، تەقەڵلایەكی دڵسۆزانە بۆ لەناو بردنی نەخوێندەواری لە كوردستاناو كۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، بەغدا ١٩٨٥، ل٦٤.

(١١) ڕۆژنامەی (ژیان) ژمارە (٢٢٥)، ١٩٣٠/٧/٣١.

ملخص البحث

نبذة عن تاريخ تعليم النساء الكرديات

● مغديد حاجى - أربيل ●

نشطت بعد الانقلاب العثماني سنة ١٩٠٨ جمعيات ومنظمات كردية داخل الدولة العثمانية تحث الجماهير على التعلم والأخذ باسباب التقدم والمدنية وتبث الوعي القومي والاجتماعي بينها. فكانت تستخدم الصحافة باللغة الكردية كوسيلة تثقيفية بالاضافة الى محاولة فتح مدارس للأطفال الكورد. ومن هذه الجمعيات جمعية (هيڤى)و (تعالى وترقى كورد).و(كورد تعميم معارف جمعيتي) و(كورد قادينلرى جمعيتيى) والجمعية الأخيرة خاصة بالنساء.

وبجهودها وجهود دعاة التقدم من المثقفين الكورد نشر الوعي الاجتماعي بين المجتمع وبرزت الدعوة الى تعليم الفتيات في المدن الكبيرة، فأول مدرسة رسمية للبنات فتحت في السليمانية عام ١٩١٥ ومديرتها مليحة نزهة خان.

وبعد العشرينات تأسست في كردستان العراق مدارس للبنات في السليمانية وأربيل وكوي وفيما بعد لم يشهد التعليم النسوي التطور الذي شهده التعليم العام ففي سنة ١٩٥٢ كان عدد طالبات المدارس الابتدائية في اربيل ٧٥٩ من مجموع نفوس الاناث البالغ ١٣١٢٢٨ نسمة وفي السليمانية (١١٣٢) طالبة من مجموع ١٢٤٦٣٣ نسمة.

وفي السبعينات تطور التعليم النسوي في كوردستان تطوراً كبيراً وشمل القرى والأرياف أيضاً فتم تطبيق التعليم الالزامي على الجنسين وتعميم التعليم المختلط للجنسين، وفتحت في مدن الحكم الذاتي معاهد ومدارس عالية فبالأضافة الى جامعة صلاح الدين هناك معهد للفنون الجميلة ومعهد الصحة العالي ومعهد المعلمين.

وهذه الظاهرة الحضارية أدت الى قيام أشبه ماتكون بثورة اجتماعية ضد التقاليد البالية والتوجهات الرجعية.